*مافی کەرکوک لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ وەرەوایەتی کوردستان بووندا .*

*کازیوە سالح*

**بەشی دووەم**

## داماڵینی تایبەتمەندی کەرکووک

داماڵینی تایبەتمەندی یەکێکە لەو زەنگە ترسناکانەی پاش تایبەتمەندیەکانی جیهانگیری ، جیهانی هەژاندووە و دژەکارانی جیهانگیری لە غەمی چارەسەر کردن و ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆسە دژ بە مرۆڤایەتی‌یەدان و هەتا ئێستاش نەگەشتوون بە جارەسەرێکی گونجاو یان دۆزینەوەی ئومێدێک ئەو ترسە دژوارەیان لە سەر دڵ سووک بکات ..
تایبەتمەندی بە چەند شێوەیەک لە مرۆڤ دادەماڵرێت :

1)بە زۆر و سەرکووتکاری.
2)بە فێڵ و پلان.
3)بەخۆفرۆشی و خیانەت.
4)بەلاوازی کەسایەتی بیر و هۆش.
5) بە ڕەزامەندی ..... کە ئەمەیان کەمترین گریمانەیە.

کاتێک ئەو ژمارە زۆرە مرۆڤ لە جیهاندا داوا دەکات  شوناس و تایبەتمەندی ، ئایینی و رەگەزی و زمانەوانی و فیکری و کەلتوورییەکانی خۆی بپارێزێت و ئەگەر لە هەڵەیەکی نالەبارێشدا یەکێکیانی لێ داماڵرابێت بونیادی بنێتەوە و بیگەڕێنێتەوە لە هەمان کاتدا کاتێ ئەو کێبڕکێ دەنوێنێت کە ئامادەباشی شەڕی سەخت و خۆبەختکردنیشە لە پێناوی پاراستن یاخود وەدەست هێنانەوەیدا...
تایبەتمەندیەکانی کەرکووک بە زۆر و سەرکووتکردن و فێڵ و پلان و داگیرکاری داماڵدراون، بە شێوەیەک کەرکووکی مرۆڤ و کەرکووکی شوێن شوناسی لێ وەرگیراوەتەوە بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران ، بەڵام لە مەسەلەی داماڵینی تایبەتمەندیدا سەرەکی‌ترین بەش کە ئامادەی گۆڕان نابێت بە ئاسانی دەروونی تاکی کەرکووکە یاخود مرۆڤی کوردە بەرانبەر کەرکووک. دەکرێت لە کاتی شوناس گۆڕین و داماڵینی تایبەتمەندیەکاندا ناوەکان و شێوازە ئەندازیارییەکان و بەرو بومەکان بگۆڕدرێن لە تایبەتمەندی بەرهەم هێنەرەوە لە تاکی بەرهەم هێنەرەوە بۆ تایبەتمەندی ئیستیهلاکی یاخود بۆ نەبوون و بێشووناسی بەڵام تەنیا لایەنێک کە فاکتەرەکانی داماڵینی تایبەتمەندی بە ئاسانی پێ ناگات دوورگەکانی ڕۆحن. گەرچی لە حالەتی هەندێ مرۆڤدا بە پێی ڕادەی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوە و ئاستی ڕۆحیەتی نەتەوایەتی و بەرگری و تایبەتمەندخواستی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە نێو تاقیگەی گۆڕینی داماڵینی تایبەتمەندیەکان دا دەبێت ، دەگۆڕێت و تایبەتمەندیە داتاشراوەکان هەڵدەمژێت ،بەڵام لە بنەمادا گۆڕینی تایبەتمەندی دەروونی بە زۆر و سەرکووت کارێکی گرانە ، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریەش ڕووی دا  ئەوە لە کاتی شێوەکانی خیانەت، خۆفرۆشی  وولات فرۆشی بە دوادا دێت لە گەل فاکتەری لاوازی کەسایەتی و بیرو هۆش .

کەرکووک ئەمڕۆ شوناسە دەروونیە دانەماڵراوەکانی کەوتوونەتە ڕووبەڕووبوونەوە بۆ وەرگرتنی تایبەتمەندیە مادی وڕۆشنبیرو زمانەوانی و کەلتووریەکانی، بۆ وەرگرتنی خاکی داماڵراو لە تایبەتمەندی ئەوان. ئەمەش لە کاتی هەبوونی ڕوح و دەروونی دانەماڵراودا کایەیەکی براوەیە چونکە هەموو هەبوویەک وەکوو دەوڵەت و دامودەزگاو تاک و سەرۆک عەشیرەتیش زۆر جار ناچارە لە کاتی داماڵینی تایبەتمەندیەکانی دا ڕوو لە توووند و تیژی بکات بۆ پاراستنی  یان وەرگرتنەوەی . واتا جارێکی دی تواناو  جەماوەریتی و پاڵپشتی خۆی بەکار دێنێ لە وەرگرتنەوەیدا وە لە دەرەوەی وەرگرتنەوەی  هەموو شتێک بۆ ئەو ئەندامێکی نامۆیە کە دەخرێتە سەر جەستەی کەسێکی نەخۆش. ئەو جەستەیەش  ئەو ئەندامە نامۆیە وەناگرێت و پەسەندی ناکات ، کە واتە دەبێتە هۆی ڕادەی زیادبوونی نەخۆشیەکە نەک چارەسەرکردنی، مانەوەی هەر ئەندامێکی نەخۆش لە جەستەی کەرکووک دا دەبێت بە هۆی هێنانە خوارەوەی زیاتری ئەو شارە بەرەو نووچدان، هەمیشە ئورگانێکی نامۆ و ئەندامێکی نامۆ جێگەی نیە لە بونیات نانەوە و دامەزراندن و جووداوازی و جەدەلیەتی بە سەردا تێدەپەڕێ،ئەوەش لە دەرەوەی ستراتیژ و تەکنیکێکی راستەقینەو دروستە بۆ پاراستنی تایبەتمەندی ، ئەو پەیڕەوەش  بە پێی برگەی 2ی مادەی 20 ، مافی ڕەوای هەر نەتەوەو وولات و تاک و ناوچەیەکە بۆ پارستن و گەڕانەوەی تایبەتمەندە داگیرکراوە داماڵراوەکانی پەنا بۆ ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە باسمان کرد بەرێت. ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە سیاسەتی راگواستن و راوەدونان هەمیشە قەدەری کەرکوک بووە .

ئاشکرایە کە سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەب کردنی کوردستانی باشوور بە گشتی وکەرکووک بە تایبەتی بۆ داماڵینی کەسایەیەتی و تایبەتمەندی کەرکوک تەنیا زادەی بیروبۆچوونی  حیزبی بەعس نەبووە بەڵکوو کردەوەی سەرجەم ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ناو عێراق بووە بە عەرەب و ناعەرەبەوە، بەڵام حیزبی بەعس پتر لە ڕژێمەکانیدی بە شێوەیەکی دڕندانەتر ئەو پرۆسەیەی ئەنجام داوە هەوڵی داوە کە بەتەواوی کورد لە ناوچە پترۆلیەکاندا ڕاگوێزێ و لە بۆتەی نەبووندا بیان توێنێتەوە ،  بۆیە ڕژێمی بەعس هەر لەسەرەتای بەدەستەڵات بوونیەوە لە ناو عێراقدا هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای عێراق و بە تایبەت کەرکووکی داوە بە شێوەیەک لە گەڵ ئامانج و خواستەکانی خۆیدا بێتەوە ، جگەلەوەی ئەو ناوچەیە ترسێکی گەورەی لە دڵی سەرجەم ئیمپریالیست و ڕژێمەکاندا دروست کردبوو ئەو ترسەش بە هۆی ئەو سامانە نەوتیە گەورەیەیە ، ترس لە گەشە کردنی ناوخۆ و پەرە پێدانی سیاسی لەو ناوچەیەدا بووە، چونکە کەرکووک کەوتۆتە  بەپیتترین ناوچەی پترۆلی لە کوردستاندا. چاڵگە نەوتی کەرکووک بە گەورەترین و بەرزترین چاڵگە نەوتی جیهان دەژمێردرێت کە ئەوەی خەڵک بە شێوەیەکی گشتی ئاگایان لێیە تەنیا چاڵگەی بابەگوڕگوڕە ، بەڵام لە ڕاستی ئەو ناوچە زێڕینە جگە لە هەبوونی چەندین کانزای دەگمەن لە خاکیدا خاوەنی زۆترین چاڵەنەوتە.

"3پاش ئەوەی لە سالی 1986 چینێکیتر لە ژێر ئەو چینەدا دۆزراوەتەوە کە قولیەکەی (قوتبەکەی) نزیکەی 350 مەترە "، زیاتر هێزی ئەو ناوچەیە برەوی سەندو بە جارێک پاش ئەو دۆزینەوەیە بڕیاری پاکتاو کردنی کوردیان دا کە لە ساڵی 1988 دا و هەر دوو ساڵ پاش ئەو دۆزینەوەیە جێ بە جێی کرد.

مەترسیش لەوەدایە کە لەو ساڵەدا زانرا ئەگەر کورد پاکتاو نەکرێت و ببێتە خاوەنی ماف و سەر بەخۆیی خۆی دەبێت بە خاوەنی گەورەترین چاڵەنەوتی جیهان و ئەویش واتای بە هێزترین هێزی ئابووری و سەربازی و سیاسی و شارستانی دەکات بۆ دوژمنەکەی کە ئەوانی داگیر کەر بوون ، چۆنکە ئەو چاڵە دۆزراوە لە توانایدا هەیە ڕۆژانە 2 میلیون و سەد هەزار بەرمیل بەرهەم بهێنێت.

"ئەم چاڵگەیە   222 چاڵە نەوتی تێدایە کە بەم شێوەیە دابەش بوون.

1 ) ناوچەی بابەگوڕگوڕ :  54 چاڵ

2) ناوچەی جەبەل‌بۆر :    22 چاڵ

3) ناوچەی هەنجیرە : 32 چاڵ
4) ناوچەی قوتان : 38 چاڵ
5) ناوچەی قۆشقایە : 24 چاڵ
6) ناوچەی ئاڤانە : 18 چاڵ
7) ناوچەی سارەلۆ : 14 چاڵ
8) ناوچەی سەربەشاخ : 20 چاڵ"4

ئەو ئامارەی سەرەوە دەری دەخات کە هەر نەتەوەو وڵاتێ خاوەنی ئەو سەرمایە بێت دەتوانێت ببێت بە گەورەترین دەستەلاتی جیهان وەکو زانراوە ئەمڕۆ لە جیهاندا گەورەترین بایەخی ستراتیژی بە نەوت دەدرێت بە تایبەت پاش مەترسیەکانی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و شۆڕشی زانیاری لە سڕینەوەی قەوارەی سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری گەلاندا. لەم چەرخەدا کە لە قەواری وڵاتاندا لایەنە مادیەکان سەروەری زیاتر بۆ نەتەوەیەک دەستە بەر دەکەن هەتا سەروەریەکانی دی ،ئەمەش ئەو گوناهە گەورەیە کە کورد و کەرکوکیەکان پێی تاوانبارن و بە درێژایی مێژوو قەرەبووەکەی دەدەن ،هیچ لایەن و وڵاتێکی زلهێز و مرۆییش ئاور لەو دژوارییە ناداتەوە لە کاتێکدا ئەو کردەیە تەنها یەک برگەی مافی مرۆڤیش نیە کە دژی نەبێت و بە پێشێل کردن ناوزەدی نەکات ، بەڵام بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی لە دەرەوەی پرۆگرامی دەزگا مرۆییەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکانیش نیە.

## مافی دەستێوەردانی دەرەوە

بە پێی یاسا نێودەوڵەتی‌یەکان لە کاتی شەڕو پێکداداني توندو پاکتاو کردن لە لایەن دەستەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی ئەو وڵات و نەتەوە دەست تێوەردانی دەرەوە پەسەند دەکرێت، بەڵام بۆ ئەم مەسەلانە، دەستێوەردانی دەرەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەندەکانی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی .ئەو تەرازووەی بۆ جێبەجێ کردنی دانراوە بەتایبەت ، کە شێوەی دەستێوەردان پاش شەڕی سارد و هەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو هێزی بڕیاردەر و زلهێز دەستێوەردانی نێودەوڵەتیش شێوەی جیاوازی لەخۆی گرت. لە ئێستاش دا پاش کارەساتی یازدەی سێپتەمبەر دەستێوەردان دیسان لە چوارچێوەی دارێژراو دەرچوو بۆ چوارچێوەی زلهێزی تەنیا ، هەر ئەمەش بوو بە هۆی دۆزینەوەی هاوکێشەی ساختەی یەکبوون لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا بە بیانووی جێگیر بۆوونی ئاشتی و ئاسایش و دڵنیایی بۆ مرۆڤ .

سەرتاپای ئەو مەسەلەیە وڵاتانی‌تری تووشی سەغڵەت بوون کردو لە بەرژەوەندی هیچ دەوڵەتێک دا نیە و بە پێشێل کردن و دەستێوەردان لە سەروەری وڵات ناوی دەبەن ، ئەوانە نەبن وەکو نەتەوەی کورد خۆیان ژێردەستن و سەروەری‌یان زەوت کراوە چونکە کاتێک دەوڵەتێک دەتوانێت دەست وەرداتە کێشەی ناوخۆ خاک و وڵاتێکی‌دی کە دەستێوەردانەکەی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەو وڵاتی دەستێوەردراو بێت ، لەو بەرژەوەندیانەش :

1) پاراستنی مافی مرۆڤ.

2)بەرگری کردن بە شێوەیەکی گشتی .

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە:

ا) مەبەستی پاک بێت و هیچ یاریەکی سیاسی لە کەناریدا خۆی حەشار نەدابێت.

ب) بیانوویەکی یاسایی ڕەوای بەدەستەوە بێت بۆ ئەو دەستێوەردانە.
ت) گونجان لە نێوان دەستێوەردان و  ئەو کردارەی کە دەیەوێت قەدەغەی بکات.
ج) گریمانەکانی سەرکەوتنی ئەو دەستێوەردانەی بەدەستەوە بێت.
ح) ئەو دەستێوەردانە تەنیا چارەسەر و دوا چارەسەر بێت.
خ) پێویستە ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەدەست بێنن بەر لە دستێوەردان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە وولاتی دەستێوەردراودا.

ەلەی عێراق و دەستێوەردانە یەک لە دوا یەکەکانی  مێژوویدا هیچ کاتێک لە بەرژەوەندی عێراق نەبووە. هەمیشە کارەساتی گەورەتری لێ کەوتۆتەوە  و دەستێوەردانی ئەمریکاش لە بنەمادا بە پێچەوانەی ئەو دوو فاکتەرە بووە کە بۆ دەستێوەردانی زلهێزێک  بۆ خاک و سەروەری لە خۆی کەمهێزتر دانراوە، عێراقی وەکوو کارتێکی سیاسی بۆ یارییەکی گەورەتر بەکار هێناوە و دەهێنێت ، جگەلە بەرژەوەدیە پترۆلیەکانی ، دەستێوەردانی ئەمریکا بۆ عێراق جگە لە دەستدرێژی و بێحورمەتی کردن بە عێراق و وولاتەکانی دراوسێ و وولاتانی عەرەبی بە گشتی هیچ بەرژەوەندیەکی بۆ ئەوان لێ نەکەوتۆتەوە ، تەنیا شوێن و نەتەوەیەک لەو یاریە قازانجی کردبێت نەتەوەی کورد بووە کە جگە لەوەی دیکتاتۆرترین کەسی دژ بە نەتەوەی کورد ڕاپێچی زبڵخانەی مێژوو کرد هەلی زۆر گەورەشی بۆ هاتە پێشەوە بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکانی ،لەگەل ئەوەی ئەو هەلە بۆ بەرژەوەندی کورد و مەسەلە پیرۆزەکەی نەقۆستەوە، دەستێوەردانی ئەمریکای بۆ ئەو دوو فاکتەرەی سەرەوەی بەکار نەهێنا بۆ نەتەوەی کورد  ،ئەویش لە دۆگمای عەقلیەت و گووتاری سیاسی کوردی بوو کە تەنانەت کەسێکی وەکو مەعمەر قەزافی سەرەک کۆماری لیبیا کە خاتوو عائیشە کچی دەبێت بە یەکەم بەرگریکاری سەدام و بە باوکی خۆی ناوزەدی دەکات ،هەر لە سەرەتای بانگەشە لاواز و پڕ سازشەکانی دەسەلات دارانی کورد بۆ برایەتی کورد و عەرەب و عێراقی فیدراڵی و یەکگرتوو کرد و مۆری پارێزگاکانیان کرد لە پێناوی مانگێک خۆری دەسەڵاتدا جارەنووسی کوردیان دۆراند ، لە ووتارێکیدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە لە مێژوو کوردا یەکەم جارە هەلێکیان بۆ برەخسێت کە بتوانن ببن بە خاوەنی سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردی بەڵام نەیانزانی ئەو هەلە بقۆزنەوە و ئەو مافە بۆ خۆیان دەستە بەر بکەن " مایەی شەرمەزارییە کە سەرکردەیەکی عەرەبی کورد ئاگادار بکاتەوە هێندا هەڵە نەکات و هەلەکان بقۆزێتەتەوە بۆ گەلە چەوساوەکەی ،بەڵام سەرکردەی کورد گەلەکەی هێندە بە نەفام بزانێت ئەو خیانەتە ئاشکرانە ناو بنێت تەکنیک و ستراتیژی سیاسی و مافی نەتەوەیەک بکات بە ژێر پێی خواستە ناڕەواکانی خۆێیەوە .

ە ؛
ی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان ..........ئەمین قادر مینە .
ان سەرچاوەی پێشوو .